

# وێنەو یادەوەری

حسێن لەتیف

**پێناسەیەکی تر بۆ شار لە (کەڤاڵی شارەکەم)دا**

ئەگەر نیشتمان لە تیۆرەکاندا بریتی بێت لە جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراو یان سنوورێك کە سروشت لە نیشتمانێکی تری جیابکاتەوە، ئەوا نیشتمان لە دەقە ئەدەبی و هونەرییەکاندا پێناسەیەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە ئەویش وێنە و یادگارییەکانی مرۆڤە لەگەڵ ئەوانی تردا، لە دیدی کەسانی سیاسی و ناسیونالیزمەوە نیشتمان کۆمەڵێك سامانی ژێرزەوییە و هەموو گردۆڵکەیەك ئەوە دەهێنێت مرۆڤ لەپێناویدا بمرێت، بەڵام لە دیدی ئەدەب و ئەدیبەوە، لە تێڕوانینی هونەرییانەو هونەرمەندەوە، نیشتمان بریتییە لەو یادگارییانەی کە مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات لای خۆی کەڵەکەی کردوون، ئەوەی هونەرمەندو ئەدیب بۆ نیشتمان بەکێش دەکاتەوە شاخ و رووبارو کۆشك و کەلاوەکانی نییە، بەڵکو ئەو یادگارییانەیە کە لەگەڵ ئەو جێگایانەدا هەیەتی، هەر بۆیەشە هەمیشە لە تێڕوانین بۆ نیشتمان بۆشاییەك لە نێوان کارەکتەرە سیاسییەکان و کارەکتەرەکانی دنیای ئەدەب و هونەردا هەیە. لە ئەدەبدا لە هەرکوێ یادگاریمان هەبێت ئێمە هاونیشتمانی ئەو شوێنەین، لە هەرکوێ یادگاریمان نەبوو ئێمە هاونیشتمانیی ئەو جێگایە نین. ئەوەی لە تیۆرە سیاسییەکاندا وادەکات چەند

ملیۆن کەسێك خۆیان بە خەڵکی یەك نیشتمان بزانن مێژوویەکی درێژی سیاسیی هاوبەشە، جۆگرافیایەکی هاوبەشە، بەڵام لە دەقە ئەدەبی و هونەرییەکاندا مێژووی تاك دیاریدەکات، کە خەڵکی کام نیشتمانین. هەڵبەتە لەم نووسینەدا مەبەست لە یادەوەریی تاکە نەك یادەوەریی کۆ، چونکە وەك چۆن ئەقڵ و زەینی کۆ قابیل بە دەستکاریکردن و شێواندنە لەلایەن ئەو نوخبانەی گوتاری باوی کۆمەڵگە دادەڕێژن، ئاوەهاش کۆنەست و یادەوەریی کۆ شیاوی دەستکاریکردنە. بەشێکی یادەوەریی ئێمە تەواو تەواو کاڵبوونەتەوە، یادەوەرییەکانمان لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا، لەگەڵ شکستەکاندا، ئەمەش ئەگەر بەشێکی پەیوەندیی بە لاوازیی زاکیرەی کوردییەوە هەبێت، ئەوا بەشەکەی تری پەیوەندیی بەو ئەقڵەوە هەیە کە کۆمەڵگەی کوردی ئاراستە دەکات، کورد نەیتوانیوە کارەساتەکان بکات بە بابەتێك لە یادەوەریی کۆدا، بگرە خەریکە بە لەسێدارەدانی هەندێك لە ڕەمزەکانی بەعس هەموو شتێك کۆتایی پێدەهێنێت، ئەمە لەکاتێکدا هەموو عەرەب خەریکی بەیادەوەریکردنی شکستی جەنگی عەرەب وئیسرائیلە. جولەکە خەریکی بەیادەوەریکردنی هۆلۆکۆستە، هەر بەتەنها کورد خەریکی سڕینەوەی یادەوەرییەکانیەتی، هەریەك لە ئێمە وەك تاك کۆمەڵێك یادەوەریی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام وەك کۆ یادەوەریمان نییە، چونکە پڕۆژەیەك نەبووە بۆ بەیادەوەریکردنی کارەساتەکان. یەکێك لەو هۆیانەی کە وادەکات پڕۆژەی دەوڵەتی کوردی لەئارادا نەبێت و نەبووەتە داواکارییەکی ڕەسمی و هاوکاتیش شەقامی کوردی، نەبوونی یادەوەریی کۆیە. کۆ یادەوەریی ئێمە یادەوەرییەکی شێواوەو بەردەوام دەشێوێنرێت. ئێستا کەس باس لەو مەینەتییانە ناکات کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتن، بەهەرحاڵ بابەتی باسەکەی من یادەوەریی تاکە، چونکە یادەوەریی تاك (فەرد) بەدەگمەن مایەی شێواندنە، چونکە فەرد کەمتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گوتارە سیاسییەکانەوە، بەڵکو زیاتر لەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یادەوەرییەکانی خۆیەوە، یادەوەرییەکانی خۆی ئینتیمای ئەو دیاریدەکەن نەك گوتاری سیاسی، کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزێنرێت، هەر لێرەشەوە نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ یادەوەرییەکانی خۆیەتی. ڕۆماننووسی عەرەب (محەمەد شوکری) لە ڕۆمانی -نانی رووت-دا دەڵێت، کە ماڵمان لە تەنجەوە باریکرد بۆ تەتوان من هەر خەیاڵم لەلای گۆڕی براکەم بوو، ئەم ڕستەیە ڕاستیی بەشێکی ئەو قسانەی سەرەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، چونکە ئەو یادگارییەکی زۆری لەگەڵ براکەی و گۆڕستانەکەدا هەبووە، ئەگەرچی لە تەتوان چەند ئیشێك دەکات و چەند دنیایەکی جیاواز لە تەنجە دەبینێت، بەڵام ناتوانن سیحری تەنجە بە تاڵی و شیرینییەکانییەوە لە بیری ئەو بەرنەوە. ئەو هەر خەیاڵی لای تەنجەو ژیانە دژوارەکەیەتی، لای ئافرەتە سۆزانییەکانیەتی، سەرئەنجامیش ڕۆمانەکە بەوە کۆتایی دێت، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە کە محەمەد شوکری خۆیەتی جارێك دەگەڕێتەوە بۆ تەنجەو گوڵێك لەسەر گۆڕی براکەی دادەنێت و پارە دەدات بە قورئانخوێنێ چەند ئایەتێك لەسەر گۆڕی براکەی بخوێنێت، ئەوەی کە (شوکری)ی لە تەنجە بردەدەرەوە جەبری ژیان و برسێتی بوو، بەڵام ئەوەی بردیەوە بۆ تەنجە یادەوەرییەکانی بوو، نیشتمانی ناو تێکستە سیاسییەکان نیشتمانێکی موزەیەفە، چونکە مێژوویەکی سیاسیی لەپشتەوەیە. کە نەوەی نوێ هیچ بەشدارییەکی لەو مێژووەدا نەبووە، مێژوویەکیش کە تاکێك بەشدار نەبووبێت لە دروستکردنیدا ئاسان نییە بچێتە ژێر باری قورسییەوە، ئەوەی کە وادەکات هەندیك جار مرۆڤ نیشتیمان بەجێبهێڵێت گوتاری سیاسیی سەردەم و مێژووی سیاسییەکەیەتی، بەتایبەت مێژووی سیاسیی وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە هەمیشە ئومێدی ساختە دەبەخشێتەوە، بەڵام ئەوەشی وادەکات مرۆڤ بگەڕێتەوە ئەو جوگرافیایەی کە پێی دەوترێت نیشتمان یادەوەرییەکانیەتی. لە ئەدەبدا مێژووی تاك مێژوویەکی باڵادەستە و قابیل بە شێواندن نییە، چونکە ئەدەب لەسەر تاك و سایکۆلۆژیای تاك کاردەکات، لەکاتێکدا سیاسەت لەسەر




سایکۆلۆژیای جەماوەر کاردەکات. گەورە دەروونناس (گۆستاف لۆبۆن) دەڵێت (رابەرەکان، سیاسییەکان، پێغەمبەرەکان، سەرۆکی گروپەکان دەروونناسی گەورەن بزانن یان نەزانن)* ئەم قسەیەی گۆستاف لۆبۆن بەشێکی زۆر لەو راستییەی سەرەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە تاک و سایکولۆژیاکەی، خەونەکانی، مەنەلۆژەکانی تەوەری سەرەکیی ئەدەب و هونەرن. هەر لێرەوە دەقی (تابلۆی شارەکەم)ی هونەرمەندی شانۆکار (دڵشاد حسێن) دەتوانین بخوێنینەوە. یادەوەری سەنتەری دەقەکەیە، دەتوانین زیاتر لەلایەنێکی وەربگرین بۆ قسە لەسەرکردن (زمان، خەیاڵ، یادەوەری) هەریەکە و بەجیا لەم دەقەدا دەتوانرێت قسەی لەسەربکرێت، ئەگەرچی یادەوەری جەوهەری ئەم نووسینەیە، بەڵام ناتوانین قسە لەسەر زمان لەم دەقەدا نەکەین، چونکە یادەوەرییەکان لە رێگای زمانەوە خۆیان بەیان دەکەنەوە، زمانێ کە لە رێگەی دەنگەوە یادەوەرییەکان نیشاندەدات، دەنگ دەبێتە شانۆی سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەی یادەوەرییەکان، زمانێکی نزیک لە زمانی شیعرەوە ئامادەیە، ئەگەر لە بەکاربردنی زمان لە ژیانی رۆژانەدا هەمیشە حەقیقەت بەجۆرێك بشاردرێتەوە، ئەوا لەم دەقەدا حەقیقەت خۆی هەموو ئەو بازنانە دەشکێنێت کە زمان بەدەوریدا کێشاویەتی.بەڵکو باوەڕی بەوەش نییە لەناو گەمە زمانییەکاندا بژی، حەقیقەت خۆی لەسەر جەستە بەیان دەکات، چونکە زمان چەندە حەقیقەت ئاشکرا دەکات ئەوەندەش لە توانایدا هەیە حەقیقەت بشارێتەوە. خۆبەیانکردنی حەقیقەت لەسەر جەستە هاوشێوەی گواستنەوەیە لە قۆناغی وتنەوە بۆ نووسین، چونکە نووسین چوونە ناو شارستانییەتەوەیە، هەڵگرتنی جۆرێك بەرپرسیاریی بیرکردنەوەو خەیاڵ و وتنەکانمان بووبێت. ئەوا خۆبەیانکردنی حەقیقەت لەسەر جەستە، رازی نەبوونە بە نووسین. لە رستەیەکدا دەڵێت: (مێژوو بە تەباشیر نانووسرێتەوە). هەمیشە مێژوو بە ویستی دەسەڵات نووسراوەو کەسانی بێهێز فەرامۆش کراون، بەڵام لەم دەقەدا مێژوو لەسەر جەستە دەنووسرێتەوە، شیاوی دەستکاری و سرینەوە نییە، لە (کەڤاڵی شارەکەم)دا حەقیقەت بریتییە لە یادەوەریی تاك و لە رێگای گەڕانەوەوە بۆ یادەوەریی تاك ماهییەتی ئەو حەقیقەتە ئاشکرا دەکرێت، کە کۆ خاوەنیەتی

یان خۆی بە خاوەنی دەزانێت. ئەو حەقیقەتەی کۆ خاوەنیەتی حەقیقەتێکی موزەیەفە لەم دەقەدا، چونکە حەقیقەتێکە شەفەوییە، بەڵام حەقیقەتێ کە تاك خاوەنییەتی لەسەر جەستە نووسراوەتەوە، کەسێك باڵێکی بە نیشتیمان بەخشیوە لە سەردەمی شۆڕشدا ، پاشان لە هەندەران دەگێڕسێتەوە، هەمیشە باڵە قرتاوەکەی دەیبەنەوە بۆ سەردەمی شۆڕش، بۆ ئەو خەونانەی لە سەردەمی شۆڕشدا بینیونی، پاش گواستنەوە بۆ دەسەڵات ئاوەژوو بوونەتەوە، ئەوەی ئەو لە تاراوگەوە دەهێنێتەوە بۆ نیشتیمانی دوای شۆڕش یادەوەرییەکانییەتی، لەگەڵ مناڵانی گەڕەك و شاردا، مەرگی باوکییەتی لەسەر پردەکەی ناوشار.

**زمان و ڕەنگ**

زمان و ڕەنگ دوو شێوازی دەربڕینن، یەکەمیان لە بواری نووسیندا و دووەمیان لە بواری هونەری شێوەکاریدا، هەریەکەشیان لە ساتەوەختی بەکاربردنیاندا سەختی و دژواریی خۆیان هەیە، عەبدوڵڵا گۆران دەڵێت:

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەروون، وشەی زمانم
بۆچ وەها دوورن لە یەك، نازانم

زمان لەلای گۆران دەستەوەستانە لە دەربڕینی خەیاڵ، یان خەیاڵ لە زماندا جێگای نابێتەوە، بەهەمان شێوە لە دەقی کەڤاڵی شارەکەمدا ڕەنگ دەستەوەستانە لە کۆکردنەوەی هەموو شار لە تابلۆیەکدا، هەر بۆیەشە واحید خۆی سووتاندو بەدەم گڕەوە سەمای دەکرد. خۆسووتاندنی واحید خۆسووتاندنێك نییە عەفەوی بێت، بەڵکو خۆسووتاندن، یان خۆکووشتن گەیشتن یاخود دۆزینەوەی دوورگە نادیارو نەبینراوەکانی زمان، دۆزینەوەی زمانێکی ترە بۆ دەربڕین و ڕازی نەبوونە بە جەبری زمان و ڕەنگ، چونکە ئەو کاتانەی وشەو ڕەنگ ئەوپەڕی مومارەسەی ئیستبدادیانەی خۆیان لەسەر خەیاڵی مرۆڤ دەکەن، جووڵەو جەستە وەکو ئاسۆیەك لەبەردەمی مرۆڤدا دەکرێنەوە، کە مرۆڤ چەپڵەلێدەدات، بەبێ ئەوەی هاوار بکات، مەبەستێك دەگەیەنێت، یان بەهۆی ئیمائەی دەموچاوەوە دەتوانرێت گفتۆگۆ لەگەڵ بەرانبەردا بکرێت، بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر دەنگ، هەرچەندە لە نمایشی شانۆییدا دەنگ و دیالۆگ ڕەگەزی گرنگن، بەڵام هونەری پانتۆمایم یان جۆرەکانی سەما گفتوگۆیەکی بێدەنگن. نیتشە دەڵێت: (بەخوێنی خۆت بنووسە) خالید بە واحید دەڵێت: وەرە فێری سووتانم کە با بەدەم سووتانەوە سەمای زۆربایانە بکەم.

**شار و خۆشەویست دووانەی لێکچوو**

ڕۆماننووسی گەورەی عەرەب (عەبدولڕەحمان مونیف) سەبارەت بە شاری عەرەبی دەڵێت: (شار کەڵەکەبوونی یادگارییەکانە)، دەقاو دەق ئەم قسەیە بەسەر شاری کوردیدا دەچەسپێت، چونکە شار لە ڕوانگەی ئەندازەی مۆدیرنەوە بریتییە لە کۆشك و باڵەخانە، لە ڕێگاوبان، لە زانستی کۆمەڵناسیدا شار بریتییە لە بوونی نەژادی جیاواز و ئایین و کولتووری جیاواز، لە کارگەو فابریکە، لە زانستی سیاسیدا شار بریتییە لەو جێگایەی کە خەڵك دەتوانن لەسەر پرسەکانی شار قسەبکەن، بوونی دامەزراوەو ڕێکخراوی جیاواز یەکێك لە سیفەتەکانی شار دەبن، بەڵام لە ئەدەب و هونەردا شار بریتی دەبێت لە یادەوەری، ئەو کاتانەی کە شارەوانی دەستکاریی جێگایەك دەکات دەشێت جۆرێك بێت لە دەستکاریکردنی یادەوەریی مرۆڤەکانی ئەو شوێنەی شار، دەکرێت بەتەنیشت پێناسە سیاسی و کۆمەڵناسییەکانی تری شارەوە بۆ پێناسەیەکی تری شار بگەڕێین لە ئەدەب و هونەردا، ئەویش (یادەوەرییە). لە کەڤاڵی شارەکەمدا خالید بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: تۆو شارەکەم لەیەك دەچن، ئێستا تۆ شوو دەکەیت بە کەسێك، کە هیچ یادگارییەکی لەگەڵ تۆدا نییە، ئاخر بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر من تۆم ناونا ژیان، ئەوکاتە باوکت ڕایسپاردبووم ناوت بنێم، کە بۆ چارەسەری باڵە بریندارەکەم شۆڕش ناردبوومی بۆ ئێران، تۆ تازە لەدایك بووبوویت، ژیان و شار لەیەك دەچن، چونکە ئەوەی کە دەبێت بە مێردی

ژیان کەسێکە بێ یادگاری، ئەوانەشی دوای شۆڕش دەبن بە حاکمی شار کەسانێکن بێ یادگارین لەگەڵ شاردا. نەبوونی یادگاری لەگەڵ شاردا شەرعییەتی بەڕێوەبەرانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەوانەی کە یادگارییان لەگەڵ شارو شۆڕشدا نییە ناتوانن وەفاداربن بەرانبەری، هەر بۆیەشە خالید هەست دەکات کە شارەکەی و ژیان لەلایەن کەسانێکەوە داگیرکراون، کەسانێکن بێ یادگارن لەگەڵیاندا، هەر بۆیە دەڵێت: هەموو شتێك بۆ ئێوە، هەر بەتەنها باڵە قرتاوەکەم بدەنەوە. داواکردنەوەی باڵەکەی هەوڵێکە بۆ رزگاربوون لە جەبری یادەوەرییەکان، هەمیشە یادەوەرییەکان تەحەکومیان بە ئەوەوە کردووە، تەنانەت یادەوەرییەکان نەیانهێشتووە بۆ تەنها جارێك ماچی ژیان بکات، چونکە پێی وابووە ئەگەر ماچی بکات، خیانەت لە تایەر دەکات کە باوکی ژیانە و لە شۆڕشدا شەهید بووە. دەشێت شارێکی گەورەی وەك نیۆیۆرك بۆ ئێمە تەنها هەڵچوونی کۆشکەکانی بێت بە ئاسماندا، وەك چۆن هەولێریش دەشێت تەنها بوونی قەلایەك و مزگەوتێك بێت بۆ هاوولاتییەکی ئەمەریکی، بەلام بۆ ئەمەریکاییەك شاری نیویۆرك هەر جادەو کۆشکێك چیرۆکێکی جیاواز بەخۆی هەیە لە دروست بووندا، وەك چۆن لای هاوولاتییەکی کوردی نیشتەجێی هەولێر، ئەوەندە بەس نییە کە قەلا سەنتەری شارە، بەڵکو دەشێت هەر هەولێرنشینێك چیرۆکی تایبەت بەخۆی هەبێت و یادگاریی تایبەت بەخۆی هەبێت لەگەڵ قەلادا، هەمیشە شار زیاتر لەوەی کە دەبینرێت، نەبینراوی هەیە، شار راست و رێك لە زمان دەچێت، چونکە وەك چۆن رستە زیاتر لەوەی کە بەیانی دەکات بەیاننەکراو لە خۆیدا هەڵدەگرێت، ئاوەهاش شار لە پشت هەر هەموو بینراوەکانییەوە نەبینراوێك هەیە، ئەگەر بۆ تێگەشتن لە دیوە نەبینراوەکەی زمان پێویستمان بە رەخنە و تەکنیکەکانی بێت، ئەوا بۆ بینینی دیوە نەبینراوەکانی شار پێویستمان بە یادەوەری هەیە. ئەم دەقەش لە رێگای یادەوەرییەوە کە بە خۆسووتاندنی واحید کۆتایی دێت، ئەوا لە رێگای گەڕانەوە بۆ یادەوەریی خۆیەوە هەموو چیرۆکە جوان و ناشیرینەکانی شارمان بۆ دەگێڕێتەوە.

**تێبینی:**

کەڤاڵی شارەکەم لە ژمارە (76)ی گۆڤاری ئایندەدا بلاوکراوەتەوەو لە رۆمانی (یادەوەریی لەش)ی نووسەری جەزائیری ئەحلام موستەغانمییەوە ئامادە و دارشتنەوەیەکی بۆ کراوە.

بۆ ئەم خوێندنەوەیە سوود لەم سەرچاوانە بینراوە:


1.رۆمانی نانی رووت- محەمەد شوکری.

2.سایکۆلۆژیای جەماوەر- گۆستاف لۆبۆن.

3.دیوانی گۆران.

4.زەردەشت وەهای گووت.

5.وتارێکی عەبدولرەحمان مونیف دەربارەی شار.

6.تەعلیقێکی موحەمەد بەرادە دەربارەی پلەی سفری نووسین.